www.kurdistannet.org
30/03/2002 23:53

# بڕیارەکانی کۆبونەوەی باڵای سەرانی عەرەب امریکائیحراج دەکات.

ابوبکر احمد سڵێمان

لەگەرماوگەرمی هەرەشەکانی امریکابۆوەشاندی گورزێکی سەربازی لەعێراق وروخاندنی رژێم دوێنی  سەرانی عەرەب لەبەیاننامەی کۆتایی کۆبونەوەی سالآنەی خۆیاندالە(بیروت)هەڵوێستی گشتی نارەزایەتی خۆیان لەبەرامبەرهەرکردەوەیەکی سەربازی دژی عێراق و هەردەوڵەتێکی تری عەرەبی راگیاندوداوای هەڵگرتنی تەواوی ئابڵوقەکانیUNدەکەن لەسەرعێراق، ودەوڵەتی کویێت وعەرەبستانی سعودی لەماوەی ١١ساڵی رابوردوداکەدووتەره ف ویەك جەمسەری ئەساسی کێشەکانی ئەوناوچەیەبون لەگەڵ رژێمی عێراق وهۆکارێکی سەرکیش بون لەدرێژەکێشانی وەزعی مەوجود،وبەهانەیەکی گرنگی قانونیش بوبەدەست امریکاوەبۆدەست وەردان    لەکاروباری ناوخۆی عێراق وهێشتنەوەی هێزەسەربازی یەکانی لەوناوچەیەدا کەهەزارویەك پیلانی ئیمپریالیستی یانەی لەژێرسەردایە نیسبەت چارەنوسی ئەم ناوچەیە،دەست لەملان بونی سەرۆکی وەفدی هەردوودەڵەتی کویێت وعەرەبستانی سعودی لەناوهۆڵی کۆبونەوەی سالآنەی سەرانی عەرەب لەگەڵ ( عێزەت  ئیبراهیم الدوری )سەرۆکی وەفدی عێراقی ورەزایەت نیشاندانی وەفدی دەوڵەتی کویێت بەدەرەجەی١٠٠%لەوتاری وەفدی عێراقی سەبارەت بەدڵنیاکردنەوەی دەڵەتی کویێت لەدوبارەنەبونەوەی روداوی ساڵی١٩٩٠وئیعتراف کردن بەسیادەوسەروەری وسەربەخۆیی ئەو وڵاتەویەك دەنگ بونی نارەزایەتی سەرجەم سەرانی وڵاتانی عەرەبی لەبەرامبەرکێشەی عێراق،گورزێکی گەورەی دالەهەوڵەکانی امریکابۆهێرش کردنەسەرعێراق ،وئەم هەڵوێستەی سەرانی عەرەب  شان بەشانی حەرەکەتی ئیعترازات و نارەزایەتی بەردەوامی وڵاتانی ناوچەوکە واوروپا هێندەی تر امریکالەهەرەشەکانی لەبەرامبەر عێراقدا وەتاك دەخاتەوە،بەپێچەوانەشەوەئەگەری وەشاندنی ئەوگورزەی کەامریکاماوەیەکەهەرەشەپێ دەکاتەسەرعێراق کەم تر دەکاتەوە،وکاریگەری یەکانی ئەم هەرەشانەلەسەر رژێمی عێراق رۆژبەرۆژلاوزتروکاڵتردەکاتەوە،ورژێم لەوگۆشەگیری یەی کەبەهۆی هێرشە سەربازی یەکەی خۆی بۆسەردەوڵەتی کویێت تێی کەوتبودەربازدەکات وبەدەرس وەرگرتن لەکردەوەکانی رابوردوی  ئیتر لەهەوڵی ئەوەدائەبێت پەیوەندی یەکانی خۆی لەگەڵ وڵاتانی دراوسێ ئاسای بکاتەوەوبەم جۆرەئەتوانێت بەرەی ئەوبیانوە لەژێر پێی امریکارابکێشێتەدەرەوەکەچەندین ساڵەبەهۆی هەرەشەومەترسی یەکانی رژێمی عێراق لەسەردەوڵەتانی کەنداوحزوری خۆی لەوناوچەیەداسەپاندوە ، امریکالە هەرەشەکانی ئەم دوایانەی خۆیدا بۆ سەر عێراق مەسەلەی ئاڵۆزی یەکانی نێوان عێراق ودەوڵەتانی کەنداو ومەترسی یەکانی ئەورژێمەبۆسەروڵاتانی دراوسێ وەك هۆکارێکی گرنگی سیاسی وئیعلامی لەپروپاگەندەکانی خۆیدالەدژی عێراق بەکای ردەهێنا، لەلایەکی تریشەوئەگەری ئاسای بونەوەی پەیوەندی یەکانی عێراق  لەگەڵ وڵاتانی ناوچەکەلەئەهمیەتی دۆستایەتی امریکالەگەڵ وڵاتانی کەنداودەهێنێتەخواروئارەزووی وڵاتانی ئەم ناوچەیەبەرەو ئاراستەیەکی هێمنانەودورلەشەروملیتاریزەبونی ناوچەکەو تەنانەت دورلەوجودی هێزی سەربازی امریکادەباتەپێشەوە، بەپچەوانەی دەورانی ١١ساڵی رابوردوکەبەمەبەستی پارێزگاری لەدەسەلآتی خۆیان لەبەرامبەر هەرەشەکانی رژێمی عێراق پێوستی یان بەوجودی هێزی سەربازی امریکاهەبو لەوناچەیەدا، ئێستاش دەوڵەتانی عەرەبی سەبارەت بەپلان وبەرنامەی نارۆشنی امریکالەدژی عێراق بەجددی نیگەرانن وهەربۆیەش پشتگیری لێ ناکەن.عەمەلی بونەوەی ئەم ئاڵوگۆرەتازانەسەبارەت بەبەرەوپێش چونی رەوشی ناوچەکەو ئەگەری ئاسای بونەوەی پەیوەندی یەکانی دەوڵەتانی کەنداولەگەڵ رژێمی عێراق پێدەچێت معادەلاتی سیاسی ناوچەکەش لەگەڵ خۆیدابگۆرێت، امریکاش بۆیەکلای کردنەوەی

©Kurdistan Net

UN کێشەکانی خۆی وروبەروبونەوەی لەگەڵ رژێمی عێراق دووریگای لەبەردەمدادەمێنیتەوە،یەکێکیان،یائەوەتالەرێگا وەهەوڵ ئەدات فشاری خۆی بخاتەسەر رژێمی عێراق لانی کەم بۆئەوەی پێش لەبەرنامەی چەکسازی وسەرەرۆی ئەورژێمە بگرێت کەوجودی رژێمی عێراق وەك مەترسی یەکی گەورەو لەسەربەرژەوەندی یەکانی خۆی دەی بینێت لەرۆژ هەلاتی ناوەراست بەبریارێکی شەرعی یەتی نێودەوڵەتی گەمارۆیەکی درێژخایەنی سەربازی لەسەربهێڵێتەوە، وەیان بەرنامەکانی خۆی لەرێگای ئۆپۆزسیۆنی عێراقی لەدژی رژێم دەباتە پێشەوە، بەڵام ئەم بۆچونە مانای ئەوە نی یە ئەم ئاڵوگۆرەتازانەبەتەواوی رژێمی عێراق لەهەرکردەوەیەکی ناشەرعی سەربازی امریکاوبەریتانیادەپارێزێت،بەڵکومەبەست لەم بۆچونەئەوەیەکەلەدوای ئاسای بونەوەی پەیوەندی یەکانی عێراق لەگەڵ ولاتانی کەنداو امریکالەهەرەشەکانی خۆیدالەدژی عێراق ئیترهیچ بیانویەکی شەرعی و قانونی لەدەستانامێنیت بۆهێشتنەوەی هێزەسەربازی یەکانی خۆی لەحەوزەی خلیج لەژێرناوی پاراستنی ئەمنی یەتی ولاتانی ناوچەکە لەمەترسی هەرەشەکانی سدام ، وەهەرکردەوەیەکی سەربازی ئاسمانیش کەلەدژی عێراق ئەنجام بدرێ لەلایەن دەوڵەتانی ناچەکەوە پشتیوانی لێ ناکرێت ولەدژی دەوەستنەوە،بەڵام ئەوئاڵوگۆرانەی کەلەبەیاننامەی کۆتایی کۆبونەوەی سەرانی عەرەب لەبیروت سەبارەت بەیەك هەڵویستی سەرانی دەوڵەتانی عەرەب راگەیاندران بەتاییەتی مەسەلەی هێرشی زەمینی بۆسەرعێراق و هەوڵەکانی امریکابۆگۆرینی رژێم لەرێگای هێرشی زەمینی یەوە پەك دەخات وبێ ئاکام دەمێنێتەوە.

۲۰۰۲/۳/۲۹هۆڵند

©Kurdistan Net